Mitanni Journal

Mitanni Journal

Volume 6 Issue 1 Article2

# The typographic design of magazine cover (Gulan magazine) as example

**Asst. Prof. Dr. Dler Ahmed Hama**

*Media Techniques Department – Erbil Technical Administrative College – Erbil Polytechnic University, 44001 Erbil-Kurdistan – Iraq.*

**Asst. Lect. Ibrahim Salih Ismael**

*Media Techniques Department – Erbil Technical Administrative College – Erbil Polytechnic University, 44001 Erbil-Kurdistan – Iraq.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article

hama, D.A. & Ismail, I.S., 2025. The typographic design of magazine cover (Gulan magazine) as example: YouTube channel as a case study. Mitanni Journal, 6(1), Article 01.

DOI: 10.25156/ptjhss.v6n1y2025.pp31-41

This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

ORIGINAL ARTICLE

# The typographic design of magazine cover (Gulan magazine) as example

Asst. Prof. Dr. Dler Ahmed Hama[1], Asst. Lect. Ibrahim Salih Ismael [2]

[1] Media Techniques Department – Erbil Technical Administrative College – Erbil Polytechnic University, 44001 Erbil- Kurdistan – Iraq.
[2] Media Techniques Department – Erbil Technical Administrative College – Erbil Polytechnic University, 44001 Erbil- Kurdistan – Iraq.

.

Abstract

Magazines are a prominent and distinctive tool of print media and the cover is considered the basic identity of the magazine and the source of expressing the content and attracting readers, so the magazine cover has always attracted the attention of the editorial board and designers.

In this study, the researchers, relying on the descriptive analytical approach, tried to focus on the cover page design methods of (Gulan) magazine, a weekly magazine published in the Kurdistan Region for about (31) years. This study aims to identify the methods and approaches followed by the magazine in designing the cover in the magazine's issues between the years (2008-2020) as specific border of the research.

After a detailed analysis of the cover of Golan magazine during the selected time limit of the magazine's publication years ،the researchers concluded that in general ،the design of the typography elements of the cover of Gulan magazine made it appear more like a "thematic and newsworthy style." The design of the magazine's name has remained the same in terms of font and size ،but it has been replaced in terms of color and background, between white and red. In addition, the main cover photo was taken up in the magazine cover and the designer treated color in the overall cover design.

Keywords: Style, design, magazine cover, Gulan magazine.

Received 14 October 2025; accepted 9 October 2025.
Available online 23 December 2025

* Corresponding author.
E-mail address: ibrahim.salih@epu.edu.iq.

*10.25156/ptjhss.v6n1y2025.pp31-41*
*2707-7799/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# The typographic design of magazine cover (Gulan magazine) as example

**AI usage declaration**

The authors declares that the content of this work were not generated using AI.

**Author contribution**

The authors have contributed solely to all aspects of this research work.

**Ethics information**

Ethics approval was not required for this research.

**Data availability statement**

The data supporting this study's findings are available from the corresponding author upon reasonable request.

**Funding information**

No specific funding was received for conducting this research.

**Conflict of interest**

The authors declare that there is no conflict of interest.

**Acknowledgements**

The authors gratefully thanking the (Gulan magazine) for using the archived issues to Analyzing in the study. Declaration of the Study's Origin

**Original article?**

The study is an origin article from the authors to analyze the typographic design of Gulan Magazine cover.

# دیزاینی تایپۆگرافیای بەرگی گۆڤار (گۆڤاری گوڵان) بە نموونە


**پووختەی توێژینەوە**

گۆڤار، ئامرازێکی دیار و خاوەن تایبەتمەندی میدیای جەماوەری خوێنراوە و بەرگی گۆڤاریش ناسنامەی سەرەکی گۆڤارە و سەرچاوەی دەربڕی ناوەڕۆک و سەرنج راکێشانی خوێنەرانە، وە لەبەر ئەوەش کە گۆڤار سیما و خاسیەتی خۆی هەیە، چ لە رووی قەبارە ودیزاین و رەنگ وهەتا شێوازی بەکارهێنان وخوێندنەوەش، بۆیە بەرگی گۆڤار هەردەم جێگەی سەرنج وبایەخی دەستەی نووسەران و رۆژنامەوانی گۆڤار و دیزاینەران بووە.

توێژەران لەم توێژینەوەدا وبە پشت بەستن بە رێبازی وەسفیی شیکاری، هەوڵی ئەوە دەدەن کە تیشك بخەنە سەر دیزاینی تایپۆگرافیای بەرگی یەکەمی گۆڤاری(گوڵان)، کە گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی هەرێمی کوردستانە ونزیکەی (31) ساڵە بڵاودەکرێتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەش دیاری کردنی ئەو رێوشوێنە دیزاینیانەیە کە گۆڤارەکە لە ژمارەکانی نێوان ساڵانی (2008-2020) وەك سنووری دیاریکراو بۆ توێژینەوە، لە دیزاینی بەرگدا بەکاری هێناوە لە رووی مامەڵەکردنی لەگەڵ وێنەکان و ناونیشانەکان و رەنگدا.

توێژەران دوای شیکردنەوەیەکی وورد بۆ بەرگی گۆڤاری گوڵان لە ماوەی سنوری کاتی هەڵبژێردراوی ساڵانی دەرچوونی گۆڤارەکەدا گەیشتنە ئەم دەرئەنجامەی: کە بە گشتی دیزاینی رەگەزە تایپۆگرافیەکانی بەرگی گۆڤاری گوڵان وای کردووە کە زیاتر بە (شێوازی بابەتیی و هەواڵی و رەمزی)دەربکەوێت. هەروەها دیزاینی ناوی گۆڤارەکە لە رووی فۆنت و سایزەوە نەگۆڕ بووە، بەڵام لە رووی ڕەنگ و باکگراوندەوە، ڕەنگی سپی و سوور، جێگۆڕکێی پێکراوە. جگە لەوەش وێنە پانتاییەکی سەرەکی لە بەرگی گۆڤارەکەدا گرتووە ودیزاینەریش مامەڵەیەکی ئاسایی لەگەڵ ڕەنگدا لە دیزاینی گشتی بەرگدا کردووە.



وشە کلیلیەکان: شێواز، دیزاین، بەرگی گۆڤار، گۆڤاری گوڵان.


**پێشەکیی توێژینەوە:**

گۆڤار وەك یەکێك لە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری، رۆڵێکی سەرەکی و گرنگ دەبینی لە گەیاندنی پەیام وهەواڵ و شیکاری و ئاراستەی کردنی ڕای گشتی و دروست کردنی ئاراستە سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابوری لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەتیش بۆ چینێکی تایبەت لە خوێنەران، کە یان خوێنەری گشتی بابەتی هەمەرەنگن ویانیش چینێکی تایبەتمەندن لە نێو کۆمەڵگەدا، کە بیر و پسپۆری هاوبەش یان چینێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

گۆڤاریش زیاترو جیاوازتر لە رۆژنامە، هەندێ خاسیەت وتایبەتمەندی هەیە کە پێی ناسراوە وەك، قەبارەی جیاواز و رەنگ و دیزاین و جۆری کاغەز و شێوازی خوێندنەوە و هەڵگرتن ومانەوە وچاپێکی گرانتر و بەرچاوتر. هەر بۆیەش دەزگای رۆژنامەوانی وچاپی دیار و خاوەن توانا، ئەرکی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆ دەگرن.

یەکێك لە بەشە هەرە دیارەکانی نێو گۆڤار، بەرگە بەتایبەتی (بەرگی یەکەم یان بەرگی پیشەوە) کە یەکەم شتە لە گۆڤاردا بەرچاوی خوێنەراندا دەکەوێت، هەر بۆیەش گرنگییەکی زۆری لەلایەن سەرنووسەر و بەرێوەبەری نووسین و دیزاینەران و هەتا خوێنەرانیش پێدەدرێت، چونکە دەکرێ وەك ناسنامە یان روخساری سەرەکی گۆڤارەکە و ئامرازی سەرەکی راکێشانی سەرنجی خوێنەران ناوزەدی بکەین.

بەرگی گۆڤار دەکرێ وەك سەردێری تەواوی گۆڤارەکە سەیر بکرێ و پیناسەی زۆربەی بابەت و هەواڵ و شیکارەکانی ناو گۆڤارەکە وەك ناونیشان بخاتە روو و وا لە خوێنەر بکات کە یان گۆڤارەکە بکرێ و یانیش بە دوای ووردەکاری ناونیشانەکان لە نێو لاپەرەکاندا بکەوێ، بە پێچەوانەش رەنگە هەر بەلای گۆڤارەکەدا نەچێ.

بەرگی یەکەمی گۆڤاری (گوڵان) کە یەکێکە لە دیارترین ئەوگۆڤارانەی لە هەرێمی کوردستاندا لە سی ویەك ساڵی رابردوودا وبەدیاریکراوی لە(1994/4/22)دا ولە سەرەتاشدا وەك هەفتەنامە دەرچووە و دواتر کراوە بە گۆڤار، بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەبیت. لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران هەوڵ دەدەن تیشکێك بخەنە سەر وردەکاری دیزاینی بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە لە چەند کاتێکی جیاوازدا بە مەبەستی زانینی ئەو رێوشوێنانەی کە گۆڤارەکە لە ماوەی دەرچوونی لە کاتە جیاوازەکاندا لە دیزاینی بەرگدا،پشتی پێبەستووە.

**بەشی یەکەم**

**چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە**

**یەکەم:**

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بەوردی تیشك دەخاتە سەر دیزانی بەرگی گۆڤار و هەموو ئەو رێوشوێنانەی کە پێویستە لە دیزاینی رەگەزە تایپۆگرافییەکانی بەرگدا ڕەچاو بکرێن و لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بخرێنە ڕوو.

**دووەم:**
**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە:
- زانینی شێوازەکانی دیزانی بەرگی گۆڤار.
-زانینی چۆنیەتی مامەڵەکردنی دیزاین لەگەڵ رەگەزەکانی تایپۆگرافیا لەسەر بەرگی گۆڤار.
-گۆڤاری گوڵان لەڕووی دیزاینی بەرگەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دیزاینی بەرگ و رەگەزە تایپۆگرافیەکان و پێکهاتە جیگیرەکانی بەرگدا کردووە.

**سێیەم:**
**کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەگەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەبینیتەوە:
رێوشوێنەکانی دیزاینی بەرگی گۆڤاری گوڵان چۆنە؟ گۆڤاری گوڵان تاچەند توانیویەتی شێوازەکانی دیزاینی بەرگ جێبەجێ بکات؟وێنەو ناونیشانەکان لەسەر بەرگ لەشوێنی گونجاوی خۆیان بەکار هاتوون؟کام شێوازی دیزاینی زۆرتر بەکارهێناوە؟ رەنگ لەشوێنی خۆیدا بەکار هاتووە؟
**چوارەم:**
**رێبازی توێژینەوەکە:** ئەم تویژینەوەیە بە پێی رێبازی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە
**پێنجەم:**
**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان گۆڤاری گولانە لەماوەی 12 ساڵدا واتە لە نێوان ساڵانی (2008 - 2020 ).
**شەشەم:**
**سامپڵی توێژینەوەکە:** سامپلی توێژینەوەکە بریتیە لە (90) ژماری گۆڤاری گوڵان کە بە شێوەیەکی هەرەمەکی رێکخراو لەکۆی (387) ژمارە دیاری کراوە و توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دراوە.
**بەشی دووەم**
**یەکەم: ئەرکەکانی بەرگی گۆڤار**

یەکەم لاپەڕەی گۆڤار کە خوێنەر چاوی دەکەوێتە سەری بەرگەکەیەتی ، هەر بۆیە هەموو ئەو دەزگاو لایەنانەی کە گۆڤار دەردەکەن بایەخێکی تایبەتی بە بەرگی گۆڤارەکەیان دەدەن و هەوڵ دەدەن دیزاینێکی سەرنج راکێشی بۆ بکەن،ئەمەش لەبەر ئەوەی بەرگ رۆڵێکی گرنگی لەسەرنج راکیشی خوێنەردا هەیە و رەنگدانەوەی ناسنامەی گۆڤارەکەیە و ئاوینەیەکی سەرجەم لاپەرەکانی تریەتی چ بەوەی گۆڤارەکە گشتی بێت یان تایبەتمەند بێت(محمود, 2008, 304 .p).
ئەم بایەخدانە بە دیزاینی بەرگ لەپێناو بەدەستهێنانی چەند ئەرکێکە کە بێت و بۆمان جێبەجێ بکات ئەوا دەتوانێت کار لە خوینەر بکات و رایکیشێت بۆ خویندنەوەی بابەتەکانی سەر بەرگ و بابەتەکانی تری ناوەوە، کە ئەمانەن:

1- بەرپرسە لە کەسایەتی گۆڤار وهەموو لاپەڕەکانی گۆڤارەکە؛ مەبەست ئەوەیە هەرگۆڤارێك لە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی وێنە وجۆری وێنەکان هەڵبژاردنی فۆنتی جیاواز بۆ ناوی گۆڤار و ناونیشانەکانی سەر بەرگ تایبەتمەنی خۆی هەیەو جیای دەکاتەوە لە گۆڤارێکی تر، بەمەش کەسایەتیەکی جیاواز بۆخۆی دروست دەکات و لەناو گۆڤارەکانی تردا پێی دەناسرێتەوە.
2- هەندێك سیمای هەمیشەیی دەچەسپێنیت کە لە گۆڤاری ترجیای دەکاتەوە؛ بۆ نموونە هەرگۆڤارێك فۆنتێك هەڵدەبژێرێت بۆ نووسینی ناوەکەی، نەك هەرئەوەش بەڵکو سایزێکی دیاریکراویشی بۆ دادەنێت، ئەمەش وەك سیمایەکی هەمیشەیی دەبێت و لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر ناگۆڕێت.
3- سەرنج ڕاکێشییەك لای خوێنەر دروست دەکات؛ ئەمەش لەڕێی رەنگ و کوالیتی وێنەکان و بەهێزی ناونیشانەکانەوە دەبێت.
4- وروژاندنی خوێنەر بەتایبەتی بۆ وێنەو ڕەنگ و ناونیشانەکان؛ لەهەریەك لەو وێنەیەی کەلەسەر بەرگ دادەنرێت یان ئەو ڕەنگەی کەبەکاردێت پەیامێك بەخوێنەر دەگەیەنێت کەدواجار کێشی دەکات بۆ ئەوەی بابەتەکە لەناو لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا بخوێنێتەوە، دارشتنی ناونیشان و فۆنتەکەی و ئەو رەنگەی بۆی هەڵدەبژێرێت، کاریگەرییان لەسەر سەرنج راکێشی خوێنەردا هەیە(موسی, 2004, 122 .p)
**دووەم:**
**پێکهاتەی تایپۆگرافیای بەرگی گۆڤار**

لەسەر بەرگی گۆڤار دوو جۆر پێکهاتە دەبینین هەندێکیان جێگیرن و لە ژماریەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر بەردەوام دووبارە دەبنەوە و گۆڕانایان بەسەردا نایەت مەگەر دوای چەند ساڵیك لەدەرچوونی کەئەمانە دەتوانین بەپێکهاتە جیگیرەکان ناویان بەرین کە ( ناو ، دروشم ، زانیارەکانی دەربارەی گۆڤارەکە)(موسی, 2004, 132 .p) هەندێك پێکهاتەی تریش کە خۆیان لەرەگەزە تایپۆگرافیەکاندا دەبیننەوە وەك( وێنە ، رەنگ ، ناونیشانەکان ) کە ئەمانە لە ژمارەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەشێت جیاواز بن.
سەبارەت بە ناوی گۆڤار واباشترە کە ناوێکی کورت بێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت ئەو فۆنتەی کە بۆی دیاری دەکرێت لەڕووی شێوە و قەبارەکە لەهەموو ژمارەکاندا جێگیربێت، بەڵام دەکرێت شوێنەکەی بەگوێرەی بابەتەکانی جوڵەی پێ بکرێت( لەسەرەوە یان

لای ڕاست یان لای چەپ) هەروەها بەگوێرەی باکگراوندەکەی دەکرێت ڕەنگەکەی بگۆڕدرێت.
گرنگە هەر گۆڤارێك دروشمێکی خۆی هەبێت بە وشە بێت یان وێنە یان بەهەردووکیان، گرنگ ئەوەیە دروشمەکە مانادار و زۆرجاریش لەگەڵ ناوی گۆڤارەکەدا یەك دەگرێتەوە بەتایبەتی کاتێك دروشمەکە وینەیی بێت.
لەسەر بەرگی هەر گۆڤارێك لە بۆکسێکیدا زانیارییکانی دەربارەی گۆڤارەکە دەبینین وەك ئەوەی ئەم گۆڤارە چ جۆرە گۆڤارێکە؟ چۆنیەتی دەرچوونی؟ژمارە و ڕێکەوتی ئەو ڕۆژەی کە تیایدا دەرچووە. جائەمە بەپێی گۆڤارەکان دەگۆڕدرێت هەندێك لە بۆکسێکدا لە ژێر ناوی گۆڤارەکە دای دەنێن، هەندێك بەشێوەیەکی ستوونی لەلاتەنیشی سەرەوە دای دەنێن.

**سێیەم:**

**دیزاینی بەرگی گۆڤار و شێوازەکانی**

ڕاستە دیزاینی گۆڤار وەك پاکیجێك دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر کەمەبەست لێی (زمانێکی بینراوە خوێنەرەکانی بۆ بابەتەکانی سەربەرگ بانگ دەکات و بەشێوازێکی وا بیرۆکەکان دیزاین دەکات کە کار لە خوێنەر بکات(الصویعي, 1998, p. 239)) ، بەڵام بەرگ بەپێی ئەوەی وەك لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە وایە و هەمان ئەرکمان بۆ جێبەجێ دەکات لە ڕووی دیزاینەوە لە لاپەڕەکانی ناوەوە جیاوازترە. بەرگی گۆڤار یەکەم و گرنگترین لاپەڕەکانی گۆڤارە چونکە ئەمە ڕوخسارەکەیەتی کەیەکەم جار خوێنەر چاوی دەکەوێتە سەری و (ناسنامە بینراوەکەیی تەماشاکردنی یەکەمە لەلایەن خوێنەرەوە)(النخيلي & محمد, 2017, p. 151) هەروەها دەتوانین بڵێین بەرگی گۆڤار ناونیشانێکی گەورەی گۆڤاریشە و دەروازەیەکە بۆ چونەناوەی خوێنەر بۆ لاپەڕەکانی ناوەوە. ئەمە وا لە دیزاینەر دەکات کە (بایەخێکی زۆر بە بەرگی پێشەوە بدات بەجۆرێك وەك تابلۆیەکی هونەریی پیشانی خوێنەری بدات و سەرنجی ڕاکێشێت و پەیوەندیەکی بەتینی لەگەڵ لاپەڕەکانی ناوەدا هەبێت)(شفيق, 2010, p. 151).
بۆیە هەمیشە دەبینین لە دیزاینی بەرگی گۆڤاردا ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە بەشێوەیەکی گشتگیر پێکهاتە جێگیرەکانی لە ( ناو ، دروشم ، قەبارە) و ڕەگەزە تایپۆگرافیەکانی تر لە (ناونیشان ، وێنە، ڕەنگ ، هێڵ ) بەباشی ڕێکبخرێن و ڕەچاوی بنەماکانی دیزاین و نووسین بکرێت وئاسانی خوێندنەوە و سەرنج راکیشی خوێنەر لە پیشینەکانی خۆی دابنێت(الشيخلی, 2011, p. 39)
بەم شێوەیەش بوار بۆکەمووکوڕی ناهێڵرێتەوە و خوێنەر بە خیرایی سەرنجی کێش دەبێت بۆ بەرگ و لاپەرەکانی ناوەوە.
کەواتە دەتوانین بڵێین دیزاینی بەرگ بەکۆی گشتی بریتیە لە ڕیکخستن و دابەشکردنی چەند ڕەگەزێکی تایپۆگرافی و یەکە جێگیرەکانی بەشێوازێکی گونجاو و هاوسەنگ بەمەبەستی پێدانی جوانی وکەسایەتیەکی دیار بە گۆڤارەکە و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر.
لەدیزاینی بەرگی گۆڤاردا چەند جۆرێکی دیزاینمان هەیە کەبە پێی سروشت و تایبەتمەندی گۆڤارەکە لەژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر پەیڕەوی دەکات، لەوانەیە هەندێك جار لەسەر یەکێك لەو شێوازانەی دیزاینی بەرگ بەردەوام بێت و دووبارەی بکاتەوە ، بەڵام واش ڕێکدەکەوێت بەپێی بابەتی سەرەکی کەلە بەرگدا دەیەوێت دەری بخات سوود لە شێوازەکانی تری دیزاینی بەرگ وەربگرێت کەلێرەوە لەسەر هەریەك لەو شێوازانە دەدوێین:

**یەکەم: بەرگی هەواڵی**

لەم جۆرەدا بەرگی گۆڤار بەشێوەیەك دیزاین دەکرێت کە بابەت و وینەیەك لەخۆ بگرێت کە هەواڵەکەمان بۆ بگێڕێتەوەو ببێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر، دیزانکردنی بەرگ بەم شێوەیە دەکرێت بەدوو ڕێگە بێت:

1- وێنەی ڕووداوەکە
2- وینەی ئەوکەسەی بەشدارە لە دروستکردنی ڕوداوەکە وکاریگەری لەسەر ڕودانی هەبووە.

**دووەم: بەرگی بابەتی**

لێرەدا بەرگی گۆڤار وێنەی بابەتێك( دیاردەیەك، کێشەیەك) دەخاتە ڕوو کە بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانی لەبارەوە دەکرێت و وردەکارییەکەی لە لەلاپەڕەکانی ناوەوەدایە.

**سێیەم: بەرگی ڕوونکردنەوەیی**

زۆرجار بەرگی گۆڤار مەبەستیەتی هەندێك ڕوونکردنەوە بخاتە بەردەم خوێنەرەکانی، ئەمەش بەوە دەبێت کە وێنەیەکی ڕوونکردنەوەیی لەسەر بەرگ دابنێت وەك ( وێنەی داتا، نەخشە). لەم جۆرەی دیزایندی بەرگدا بەکارهێنانی ڕەنگ دەتوانێت ڕۆڵێکی باش ببینێت لە جوانکردن و سەرنج راکیشانی خوێنەر و نەهێشتنی بێزاری.

**چوارەم: بەرگی جوانکاری**

لەم شێوازی دیزانی بەرگەدا هەمەڕەنگیەك بەرچاو دەکەوێت لە بەکارهینانی ڕەنگێك زیاتر یان زیاتر لەوێنەیەك، جۆری کاغەزی بەرگ.. کەوادەکات سیفەتێکی جوانی بداتە بەبەرگ و زیاتر ڕاکێشانی خوێنەر بەلای گۆڤارەکەدا.

**پێنجەم: بەرگی کاریکاتێری**

لەدیزاینی ئەم جۆرە بەرگەدا پەنا دەبرێتە بەر بلاوکردنەوەی کاریکاتێری بەمەبەستی ڕەخنەگرتن و گاڵتە پێکردن،ئەم شێوازی دیزاینی بەرگە بەزۆری ئەو گۆڤارانە بەکاری دێنن کە بایەخ بە بابەتی تەنز و گاڵتە دەدات هەندێك جاریش گۆڤارە سیاسیەکان بەمەبەستی گاڵتە پێکردن و ڕەخنە گرتن وێنەی کاریکاتێری کەسایەتیەکان دادەنێن.

**شەشەم: بەرگی ڕەمزی یان ئاماژەیی**

لەدیزاینی بەرگی گۆڤار بەم شێوازە پەنا بۆ ڕەمزیەتی ڕەگەزە تایپۆگرافیەکان دەبرێت، واتە وێنە و ڕەنگەکان ئاماژەیەکی تریان دەبێت جگە لە ئاماژەکەی خۆیان،دیزاینکردنی بەرگ بەم شێوازە رای گۆڤارەکە  لەسەر بابەتێك دەردەخات ، زۆرجار لەگەڵ ئەم جۆرە وێنانە وتەیەکی کورت هەیە.

**چوارەم**

**تایپۆگرافیای بەرگ**

مەبەست لە تایپۆگرافیای بەرگ قسەکردنە لەسەر ڕەگەزەکانی (ناونیشان و وێنە و ڕەنگ) چونکە ئەم سێ ڕەگەزە پێکهێنەری سەرەکی بەرگی گۆڤارن و هیچ گۆڤارێك نییە بتوانێت دەستبەرداری ئەم رەگەزە ببێت.هەریەکێك لەو سی ڕەگەزەش ئەرکی گەیاندنی پەیام و سەرنج ڕاکیشی خوێنەر جێبەجێ دەکەن، بۆیە لەکاتی دیزاینکردنی بەرگدا دەبێت بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و گونجانێکی تەواویان لەنێواندا هەبێت.لێرەدا تیشکیك دەخەینە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سێ ڕەگەزەی تایپۆگرافای سەر بەرگ.

**یەکەم: ناونیشان**

هیچ بەرگی گۆڤارێك ناکەوێتە بەرچاومان کە ناونیشانی تیادا نەبێت، تەنانەت گەر یەك ناونیشانیش بێت هەر دەبێت هەبێت، چونکە لەڕێگەی ئەو ناونیشانەوە خوێنەر دەزانێت لەژمارەی ئەو هەفتەیەی گۆڤارەکەدا چی بڵاوکراوەتەوە، لەهەمانکاتیشدا یارمەتی دەریکی باشە بۆ ئەوەی خوێنەر بابەتی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت.

ناونیشانی سەر بەرگ وەك مانشێتی رۆژنامەکان وایە بۆیە دەبێت ئاگامان لەوەبێت لەکاتی دانانی لەسەر بەرگ لەرووی فۆنت و رەنگ و سایزەوە بەشێوەیەکی گونجاو دای بنێین، بۆ ئەو مەبەستەش بۆ ئەوەی ئامانج بپێکێت لە سەرنج راکیشی خوێنەر واباشترە لەدانانی ناونیشانی سەر بەرگدا ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێن:

1- ناونیشانەکە وەسفی وێنەی بەرگ بکات بەمەش دەوترێت (بابەتی بەرگ - موضوع الغلاف).
2- بە پیتی گەورە و دیار بنوسرێت و رەچاوی رەنگی ئەو پانتایی بەرگەکە بکریت کەلەسەر دەنوسرێت.
3- ئەو وشانەی لە ناونیشانی سەر بەرگدا بەکاردێن باشترە لە ناونیشانی بابەتەکانی ناوەوەی گۆڤارەکەدا دووبارە ببنەوە.
4- سەبارەت بەشوێنی ناونیشانی سەربەرگ دەکرێت هەرچوارلا (سەرەوە و خوارەوە ڕاست و چەپ) بەگوێرەی پیویستی دابنرێت.
5- ناونیشانەکان نەکەونە سەر دەمووچاو لە وێنەکدا .

**دووەم: وێنە**

هەروەك چۆن وێنە لەگەڵ هەواڵەکانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە گرنگی خۆی هەیە بۆ بەرگی گۆڤاریش هەمان شتە، گۆڤارێك نییە بەرگەکەی وێنەی تیادا نەبێت جا ئەمە بەپێی شێوازی دیزاینەکەی چ تەنها یەك وێنە بێت و هەموو پانتایی بەرگی گۆڤارەکەی گرتبێتەوە یان وێنەیەکی گەورە و چەند وێنەیەکی بچوك بەدەوریدا دادەنرێت هەریەك لەو وێنانەش ناونیشانێکی کورتیان لەگەڵدایە.(سەرکەوتوویی دیزاینی بەرگی گۆڤار لەوەدایە پەیوەندیەکی بەتین لەنێوان وێنە و ناوەرۆکە رۆژنامەوانیەکدا هەبێت و یەکتری تەواو بکەن)(الوائلي, 2010, p. 117).

دیزاینی وێنە لەبەرگی گۆڤاردا جۆراو جۆرە ، هەندێك جار وێنەکە هەڵکۆڵراوە و واتە بێ باگگراوندە و لەسەر پانتایی بەرگی گۆڤارەکە دانراوە و ناونیشانەکەی لە نزیکیەتی، تەنانەت هەندێك جار هەر بەوێنە بەشێك لە پیتێك یان دوو پیتی ناوی گۆڤار دەشاردرێتەوە بەمەبەستی جوانی و سەرنج راکێشی وەك ئەو شێوازەی کەلە گۆڤاری رۆتانادا دەکرێت.

هەندێکجاری تریش وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا وێنەی سەرەکی هەموو بەرگی گۆڤارەکە داگیردەکات و تەنها یەك وێنەیە، بەڵام هەندێکجاری تر وێنەی سەرەکەی گەورەیەو بەشێك لە لاپەڕەی بەرگ دەگرێتەوە و لەبەشەکانی تردا چەند وێنەیەکی تر کەهەندێك جار لەنێوان (2-4) وێنە دەبێت دادەنرێت.

**سێیەم: ڕەنگ**

ڕەنگ ڕەگەزێکی سەرەکی بەرگی گۆڤارە ئەمەش هەر لەو رەنگەی کەناوی گۆڤارەکەی پێ دەنوسرێت تا رەنگی بەردەوام بەکارهاتووی باگگراوند تا رەنگی ناونیشانەکان و رەنگ بە رەگەزیکی کاریگەر و بنەرەتی دیزاینی بەرگ دادەدەنرێت لەبەر ئەو بەها زۆرەی کەهەیەتی. زۆرجار لەدیزاینی بەرگدا بە پێی سیاسەتی گۆڤارەکە رەنگێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت و دەکرێتە باگگراوند و ئیتر وێنە و ناونیشانەکانی لەسەر دادەنرێت.

لەبەکارهێنانی رەنگدا گرنگە ڕەچاوی ئەوە بکرێت ئەو رەنگەی کەبۆ ناونیشانەکان بەکاردێت وەك رەنگی باگگراوند نەبێت، وەك ئەوەی گەر ڕەنگی باگگراوند سپی بوو ناونیشان ڕەش یان سوور بێت تا بەئاسانی بخوێنرێتەوە.

هەندێکجاری تریش بەکارهێنانی رەنگەکان لەخۆوە نین و بەمەبەست رەنگێك بەکار دەهێنرێت تا مانایەك ببەخشێت وەك رەنگی ڕەش بۆ پرسە و خەمناکی و سپی بۆ ئاشتی و ئارامی و سوور بۆ مەترسی و جەنگ، واتە لەم بارەدا رەنگەکان ئاماژە دەبن بۆ بابەتێك کەلەگەڵ وێنە و ناونیشانەکەدا یەکانگیردەبنەوە.کەواتە لەهەموو بارەکاندا بەکارهێنانی رەنگ و گونجانی کارێکی گرنگەو لەگەڵ رەگەزە تایپۆگرافییەکانی تردا ڕۆڵ دەبینێت لە سەرکەوتنی دیزاینی کۆتایی بەرگی گۆڤارەکەو سەرنج راکیشی خوێنەردا(الحسن,

.(p. 128 ,2011

**بەشی سێیەم**
**دیزاینی بەرگی گۆڤاری گوڵان**

**یەکەم: پێکهاتە جێگیرەکانی بەرگ (ناوی گۆڤار و دروشم)**

مەبەست لێرەدا ناوی گۆڤارەکە (جۆری فۆنت،قەبارەی فۆنت، ڕەنگەکەی ، شوێنەکەی) گەرچی ڕەنگ و شوێن بەپێی پێویستی دیزاینی هەر ژمارەیەك دەکرێت گۆڕانکاری تیادا بکرێت بەڵام وەك هەڵبژاردنی جۆری فۆنتەکە و قەبارەکەی واباشترە بۆماوەیەکی زۆر جێگیر بێت. لەم ڕوانگەوە گۆڤارەکە وەکو هەڵبژاردنی جۆر و قەبارەی فۆنت بەم شێوەیەی کردووە:







**1- فۆنتی ناوی گۆڤارەکە**

لەسەرجەم ژمارەکاندا وەکو فۆنت (فۆنتی ڕێبەر ) هەر لەساڵی (2008) هەوە تا (2020) هەمان فۆنتە و هیچ گۆڕانکاییەکی بەسەردا نەهاتووە. ئەمەش لەڕووی دیزانەوە کارێکی پەسەند کراوە کاریگەری لەسەر کەسێتی گۆڤارەکە هەیە. هەرچی دروشمیشە بریتیە لە دیرێك کەشێوەیەکی شەپۆلدار بەرەنگەکانی ئاڵای کوردستان لە ژێر ناوی گۆڤارەکە نووسراو(پەیامی ئەمرۆ و سبەی) و بەهەمان فۆنت و ڕەنگ لە ژمارە(690) ی(2018/6/30) تا ژمارەکانی (2020) هەر بەو شێوەیەیە.

**2- قەبارەی فۆنت:**

لەهەموو ئەو ژمارانەی کەوتوونەتە بەر ئەم توێژینەوەیە ناوی گۆڤارەکە لە ژماریەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر هەمان قەبارەی هەیەو کە لەنێوان (35-45) هـ گۆڕاکاری بەسەردا نەهاتووە.


**3- ڕەنگی ناوی گۆڤارەکە**

سەبارەت بەبەکارهێنانی ڕەنگ بۆ نووسینی ناوی گۆڤارەکە لە هەموو ژمارەکاندا ڕەنگەکان چەسپاونین و یەك ڕەنگ نین، بەڵکو بەپێی ئەو پانتاییەی کە ناوەکەی تیادا نووسراوە ڕەنگەکەشی گۆڕاوە، ڕەنگەکانیش لە نێوان ڕەنگی (سپی و سوور)دا خۆی دەنوێنێت.
بۆنمونە لەژمارەکان (2008) و ساڵانی دواتریش گەر لەسەر پانتاییەکی سوور نووسرابوو ئەوا بەڕەنگی سپی ناوەکە نووسراوە هەندێك جاری تریش لەسەر بانتاییەکی زەرد یان هەر لەسەر خودی بەرگەکە کە وێنەیەك یان بەڕەنگێك ڕوپۆش کاربێت ناوی گۆڤارەکە بەرەنگی سوور نووسراوە.

**4- شوێنی ناوی گۆڤارەکە**


سەبارەت بە شوێنی ناوی گۆڤارەکە لە هەموو ژمارەکانی کەبەر ئەم توێژینەوەیە کەوتوون شوێنێکی جێگیری نیە ، لەژمارەکانی ساڵی (2010،2009،2008) ناوی گۆڤارەکە کەوتۆتە بەشی سەرەوەی بەرگەکەوە و جاچ لەناو پانتاییەك بێت یان بەتەنها لەسەر بەرگەکە لەبەشی سەرەوە، بەڵام لەساڵی (2008)تا (2020)شوێنی ناوی گۆڤارەکە کەمێك هاتۆتە خوارەوە و لەناو پانتاییەکی سوور نووسراوە و بابەتێك کەوتۆتە سەر ناوی گۆڤارەکە.

سەربارى ئەم دوو گۆڕانە سەرەکیەی شوێنی ناوی گۆڤارەکە بەڵام جارجارە لەهەندێك ژمارە بەپێی پیویستی ئەو وێنەیەی کە بۆتە بابەتی بەرگ ناوی گۆڤارەکە شوێنی تری گرتووە وەك لە ژمارە(1027 ساڵی 2015) و(ژمارە1149ساڵی2017 ) و (ژمارە1220 ساڵی 2019) و (ژمارە 1259 سأڵی 2020) ناوی گۆڤارەکە کەوتۆتە ناوەراستی لاپەڕەکە.وەك لەم نمونانەدا دیارە:














**دووەم: دیزاینی رەگەزەکانی تایپۆگرافیای بەرگی گۆڤاری گوڵان**

لەڕوانگەی دیزاینی بەرگی گۆڤار کە لەبەشی پێشوتردا ئاماژەمان پێکرد و دوای گەڕان بەناو ئەو ژمارانەی کەبونەتە سامپڵی توێژینەوەکەمان دەتوانین بڵێین کە گۆڤارەکە وەك هەفتەنامەیەکی سیاسی بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ دیزاینی رەگەزە تایپۆگرافیەکانی سەر بەرگ کردووە کە بەپێی بوونی بابەت و وێنەکان بەرگی گۆڤارەکە لە شیوازەکانی بابەتیی و هەواڵی و رەمزی دیزاینی بەرگدا خۆی دەنوێنیت. بەمشێوەیەیی لای خوارەوە:

**1-مامەڵەکردنی گۆڤارەکە لەگەڵ وێنەکانی بەرگدا**

شێویەکی گشتی دەتوانین سێ شێوەی مامەڵەکردنی دیزاینی بەرگ بۆ وێنەکان ببینین ، شێویەکیان ئەوەیە کە وێنەی بابەتی سەرەکی ئەو ژمارەیە سەرتاپای بەرگی گرتۆتەوە و ناوی گۆڤارەکەو ناونیشانی سەرەکی لەسەر تۆمار کراوە، وەك ئەم نمونەیە:




شێویەکی تریشی بریتیە لە لابردنی باکگراوندی وێنەکەو بەهەڵکۆڵراوی وێنەی بابەتی سەرکی دانراوە و ناونیشانی لەگەڵ دایە:





هەندێك جاری تریش وێرای وێنەی گەورەی بابەتی سەرەکی وێنەیەك یان دوانی بابەتی تریش لەسەر بەرگ دانراوە کە ژمارەی ئەمانە کەمترن.




لەچەند ژمارەیەکدا تەکنیکی شاردنەوەی پیتی ناوی گۆڤار بەوێنەی سەرەکی بەکارهێنراوە ، واتە وێنەی بابەتی سەرەکی سەر بەرگ، پیتێکی ناوی گۆڤارەکەی شاردۆدەوە، جا هەموو پیتەکە بێت یان بەشێکی پیتەکە وەك لە ژمارە (1089ی ساڵی 2016) و ژمارە(1112ی ساڵی 2017) و ژمارە(1210 ی ساڵی 2019) و :






**2- مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەنگەکان**

ڕەنگ یەکێکە لە ڕەگەزە تایپگرافیەگرنگەکان لەبواری دیزانی لاپەڕەکان و بەرگی گۆڤاردا زۆرجار بەپێی سیاسەتی ڕۆژنامەمەکە ڕەنگێك دەبێتە ڕەنگی سەرەکی و بەردەوام دووبارە دەبێتەوە لەگۆڤاری گوڵاندا ئەوەی جێی سەرنجە لەو ژمارانەی کە کەوتونەتە ناو سنووری ئەم توێژینەوەیە چەند ڕەنگێك بەشێوازی جۆراوجۆر دووبارە بونەتەوە بەتایبەتی ڕەنگی سوور دووبارە بونەوەی زۆرە و لەپاڵیشیدا ڕەنگەکانی (ڕەساسی ، سپی ، ڕەش، شین) بەکارهاتون، ئەمشە لەشێوەی پانتاپی بەرگ و ناوی گۆڤار و ناونیشانەکاندا خۆیان دەنوێنن:













ئەوەی جێی سەرنجە لەهەندێك ژمارەدا وەك ئاماژەیەك بۆ گرنگی ڕەمزیەتی ڕەنگی بەکارهاتوو لە دیزاینی بەرگدا ، ڕەنگە بەکارهاتووەکان واتاو ئاماژەیەکی دیاریکراوی هەیە، واتە ڕەنگەکان وەك ڕەمز بەکارهێنراون تا ئاماژەیەك بدات و خوێنەر بیبەستێتەوە بە وێنەو بابەتەکەوە بەمەشبەرگی ئەو ژمارنە وەك بەرگێکی ڕەمزی خۆیان دەنوینن. وەك لە ژمارە( 791ی ساڵی 2010) و (ژمارە 893 ی ساڵی 2012)و(ژمارە 1060 ی ساڵی 2016) و (1153ی ساڵی 2018) کە ڕەنگەکان مەبەستی ناونیشانەکانیان پێکاوە و لەگەڵ یەکدا گونجاون و خوێنەر دەتوانێت لەڕوی ماناو ئاماژەوە بیانبەستێت بەیەکەوە:













**3- مامەڵەکردن لەگەڵ ناونیشانەکاندا**

ناونیشانەکانی سەر بەرگ لە سەرجەم ژمارەکاندا لەڕووی سایز و فۆنت و ڕەنگەوە بە گوێرەی پێویستی دیزاینی بەرگ هەمە جۆرن ، لەسەر یەك بەرگ چاومان بەدوو سایزی جیاوازی ناونیشان دەکەوێت، هەروەها ڕەنگی جیاوازیشی بۆ بەکارهێنراوە وەك ڕەنگەکانی (سوور ، ڕەش، سپی، زەرد) کە بەگوێرەی پانتییەکان ئەم ڕەنگانە بەکارهێنراون و گونجێراون. لەهەمان کاتیشدا هەست بەبوونی دوو جۆر فۆنتیش دەکرێت.


بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دیزاینی ناونیشانەکان لەو ڕوانەوە خزمەتی بە سەرکەوتووی دیزاینی کۆی گشتی بەرگەکە کردووە و گونجاوێکی تەواوی لەگەڵ وێنە و ڕەنگەکاندا دروست کردووە بواری بۆ دابران لە لەنێوان (وێنە و ناونیشان و ڕەنگ)دا نەهێشتووە.

بۆنمونە لەژمارە(693ی ساڵی 2008) ڕەنگی سوور بۆ ناونیشان بەکارهاتووە و لەگەڵ پەیامی ناونیشانەکەدا یەکی گرتۆتەوە بابەتەکە باسی کەرکوکەو و بۆیە نووسراوە (کەرکووك هێڵی سوورە) بەکارهێنانی ڕەنگێکی تر بۆ نمونە ڕەش یان شین لەگەڵ پەیامی ناونیشانەکەدا زۆر یەگونجاو نەدەبوو بەڵام بۆ ئەوەی بابەخ و گرنگی بابەتەکە دەربخرێت ڕەنگێکی گەرمی وەك سووری بەکارهێناوە. هەروەها نمونەی

ژماره (762 ی ساڵی 2009) کەلەسەر رەنگی شینی بەرگ رەنگی سپی بۆ نوینی ناونیشان بەکارهاتووه. هەروەها لە ژمارە (857ی ساڵی 2011) تیبینی بەکارهێنانی دوو رەنگ و دوو قەبارەی جیاواز دەکەین بۆ ناونیشانەکان.








**ئەنجام**

1- بەگوێرەی تایبەتمەندی گۆڤاری گوڵان لەو ژمارانەی کە کەوتونەتە ناو سنووری ئەم توێژینەوەیەوە لەڕووی دیزاینی رەگەزەتایپۆگرافیەکانی بەرگەوە زۆر بابەخی بە دیزاینی بەرگی بابەتی و رەمزی وەهەواڵی داوە.

2- لەڕووی دیزاینی ناوی گۆڤارەکەوە ،دیزاینێکی نەگۆڕی هەبووە لەڕووی فۆنت و سایزەوە ، بەڵام لەڕووی بەکارهێنانی رەنگەوە چ بۆ نووسینی ناوەکە یان باکگراوندەکەی رەنگی سپی یان سوور بەکار هاتووە.

3- لەهەندێك ژمارەشدا وەك تەکنیکێکی جوانکاریيە وێنەی سەرەکی پیتێکی ناونیشانی شاردۆتەوە.

4- مامەڵەکردنی دیزاینی بەرگ لەگەڵ وێنەکاندا بەجۆرێکە هەندێکجار وێنەی سەرەکی پانتایی بەرگەکەی گرتۆتەوەو هەندێکجاری تریش وێنەی سەرەکی بەهەڵکۆڵراوی دانراوە، هەندێکجاریش جگە لەوێنەی سەرەکی چەند وێنەیەکی تریش بوونیان هەیە لەگۆشەجیاوازەکانی سەر بەرگەکەدا.

5- مامەڵەکردنی دیزاین لەگەڵ رەنگدا لەبەرگی گۆڤارەکەدا مامەڵەکردنێکی ئاساییە،واتە رەنگێك دووبارە بوونەوەی هەیە و لەچەند ژمارەیەکی کەمدا نەبێت رەنگەکان وەك رەمز بەکارهێنراون بۆ بابەتەی سەرەکی و ویستراوە لەگەڵی بگونجێنرێت.

6- ناونیشانەکان لەسەرجەم ژمارەکاندا لەڕووی فۆنت و سایز و رەنگەوە گونجاون و و لەشوێنی خۆیان دانراون.

پێشنیاز

وەك پیشنیازێك بۆ هەفتەنامەی گوڵان لەڕووی دیزاینەوە:

1- بایەخی زیاتر بدرێت بە بەکارهێنی رەمزیەتی رەنگەکان،

2- وێنەی رەمزی لە دیزاینی بەرگدا بایەخی خۆی هەیە لەژمارەکاندا بەکار بهێنرێت.

بەرگی کاریکاتێری بەتەواوی فەرامۆشکراوە حەق وایە جارجارە بۆ دیزاینی بەرگ ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

1. انتصار رسمي موسى. (2004). تصميم و إخراج الصحف و المجلات الالكترونية (المجلد الطبعة الاولى). عمان - الاردن: دار الوائل للطباعة والنشر.

2. حسنين شفيق. (2006). الاخراج الصحفي الالكتروني. القاهرة - مصر: دار رحمة بريس للطباعة والنشر .

3. حسنين شفيق. (2010). الاسس العلمية لتصميم المجلة. القاهرة - مصر: دار فكر و فن للطباعة والنشر.

4. سمير محمود. (2008). الاخراج الصحفي (المجلد الطبعة الاولى). القاهرة - مصر: دار الفجر للنشر والتوزيع.

5. شيماء كامل الوائلي. (2010). الصورة وحدة تعبيرية وجمالية في اغلفة المجلات. مجلة الاكاديمي، الصفحات 117-142. تم الاسترداد من https://www.iraqoaj.net/iasj/article/4722

6. عبدالعزيز سعيد الصويعي. (1998). الاخراج الصحفي والتصميم بين الافلام و الافكار والحواسيب (المجلد الطبعة الاولى). بيروت- لبنان: دار الملتقى للطباعة والنشر.

7. عيسى محمود الحسن. (2011). إخراج الصحف و المجلات (المجلد الطبعة الثانية). عمان - الاردن: دار الزهران.

8. مروة ابراهيم سليمان النخيلي، و محمد كامل عبدالرحمن محمد. (تموز, 2017). اعادة تصميم اغلفة المجلات المصرية و علاقتها بتفضيلات القراء. International Design Journal، 7، الصفحات 152-163. تم الاسترداد من https://idj.journals.ekb.eg/article_87013_6878f4536ac9a4dc55145056bf7838be.pdf

9. مها اسماعيل الشيخلى. (2011). تصميم المجلات بين الحداپه والتقليد. Journal of the college of basic education. تم الاسترداد من https://www.iraqoaj.net/iasj/download/a2ae84331aa1170c

**الملخص**

تعتبر المجلات أداة بارزة ومميزة من وسائل الإعلام المقروءة ويعتبر الغلاف هو الهوية الأساسية للمجلة ومصدر التعبير عن المحتوى وجذب القراء، لذلك كان غلاف المجلة يجذب دائما اهتمام هيئة التحرير والمصممين.

في هذه الدراسة حاول الباحثان وبالاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي، التركيز على أساليب تصميم صفحة الغلاف من مجلة (گولان)، وهي مجلة اسبوعية تصدر في اقليم كوردستان منذ نحو (31) عاماً. حيث تهدف هذه الدراسة إلى التعرف على الأساليب والمناهج التي اتبعتها المجلة في تصميم الغلاف في أعداد المجلة ما بين الأعوام (2008-2020) كحدود محددة للبحث.

وبعد تحليل مفصل لغلاف مجلة (گولان) خلال المهلة الزمنية المحددة لسنوات نشر المجلة، خلص الباحثان إلى أنه بشكل عام، فإن تصميم عناصر الطباعة لغلاف المجلة جعلها تبدو أشبه ب "الاسلوب موضوعي والخبري والرمزي". وقد ظل تصميم اسم المجلة كما هو من حيث الخط والحجم، ولكن تم استبداله من حيث اللون والخلفية، بين الأبيض والأحمر. بالإضافة إلى أن الصورة قد احتلت مساحه بارزه في الغلاف الرئيسي وإن المصمم قد تعامل بشكل طبيعي مع اللون في التصميم العام للغلاف.

الكلمات المفتاحية: أسلوب، تصميم، غلاف المجلة، مجلة گولان.